Asylum Support Partnership
help and advice

refugee action | North of England Refugee Service | Refugee Council | scottish refugee council | Welsh Refugee Council Cyngor Ffoaduriaid Cymru

Kurdish (Sorani) October 2009

# ئاکاری نالەباری ناوماڵ – ئایا پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟

ئاکاری نالەباری ناوماڵ بریتییە لە هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێک کە هەڕەشە، توندوتیژی یان ئازاردانی لەگەڵدابێت لە نێوان کەسانێکی گەورەساڵ کە بەگوێرەی پێوەندییەک بە یەکەوە دەژین یان ژیاون، یان لە نێوان ئەندامانی خێزان، یان کەسانی تر کە پێکەوە لە خانووبەرە/شوێنێکی حەوانەوەی هاوبەشدا دەژین یان ژیاون، بە بێ ڕەچاو کردنی ڕەگەز یان ئاراستەی سێکسی (جنسی).

هەر کەسێک لە هەر کاتێکدا بێت دەکرێت بکەوێتە بەر ئاکاری نالەباری ناوماڵ. پیاوان و ژنان هەردووک بە بێ ڕەچاو کردنی ئەو کەسەی کە لەگەڵیدا دەژین و پێوەندی ئەوان لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکرێت بکەونە بەر ئاکاری نالەباری ناوماڵ. ئەگەر ناچارن لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتە بژین چ وەک قوربانی ئەو تاوانە یان وەک کەسێک کە بەبەرچاوتانەوە ڕوودەدات، پێویستە بزانن کە دەتوانن داوای یارمەتی بکەن. هەرکەسێ بە بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی کۆچبەریی خۆی دەتوانێت داوای پاراستن بکات لە بەرانبەر توندوتیژی ناوماڵ.

### ئاکاری نالەبار دەتوانێ بە چەندین شێوە خۆی بنوێنێت:

- **ئازاردانی جەستەیی:** لێدان، شەق تێهەڵدان، پەلاماردان بە چەک یان بێ چەک، خنکاندن یان چەقۆ وەشاندن.
- **ئازاری سێکسی:** هەتک کردن (ڕەیپ)، سێکس کردن بە زۆر، بە زۆر سەیر پێکردنی فیلمی سێکسی یان بەشداری پێکردن لە پۆرنۆگرافی، بێبەش کران لە دەرمانی پێشگرتن لە دووگیانی.
- **ئازاردانی عاتیفی و بە قسە:** هەڕەشە کردن (کە ئەمانە دەگرێتەوە: هەڕەشە بۆ مەرگ، بەرگیری لە چاوپێکەوتن لەگەڵ مناڵەکانت یان هەڕەشەی ناردنەوەت بۆ وڵاتەکەی خۆت)، زیانگەیاندن بە کەلوپەل و دارایت، هاوار کردن بەسەرتدا، تۆقاندن، کۆنترۆڵ کردن (بۆ وێنە بەرگیری لە دەست ڕاگەیشتن بە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانبێزارکردن، دۆکیۆمێنتەکان)، بێزارکردنسووکایەتی پێکردن و ئابروبردن و ناووناتۆرەلێنان.
- **ئازاردانی دارایی:** بێبەش کران لە خۆراک یان دراو .

### ئەگەر ئازار دەدرێیت لە بیرت بێت کە:

- تۆ خەتابار نیت کە ئازار دراوی
- ئەگەر ئاکاری نالەبار بگەیەنێتە شوێنی مەبەست ئەوا زۆر بە جیددی لە قەڵەم دەدرێت
- تۆ دەتوانیت بەتەنیا داوای زانیاریی بکەیت، پێویست ناکات کارێک بکەیت
- یاسا دەتوانێت لە پشتگیری لەتۆ بکات، بۆ وێنە بە کاری یاسایی.
- تۆ دەتوانێت دەستبەجێ لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لەگەڵ تۆن بۆ شوێنێکی ئەمین بگوێزرێیتەوە.
- ئەو زانیاریانەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت بە نهێنی دەپارێزرێن و بە بێ ڕەزامەندی تۆ هیچ کارێک جێبەجێ نابێت.
- ڕەنگە تۆ بتوانیت بە شێوەی سەربەخۆ داوای پەنابەری بکەیت و بە پێی هەلومەرجتان لەلایەن فەرمانگەی سنووری بەریتانیا [UK Border Agency – UKBA] بکەونە بەر پشتگیری کردن. UKBA بۆ ئەو کەسانەی کە ئێستا پشتگیری لەوان وەردەگرن سیاسەتی پشتگیری بەهێزی هەیە لە بواری ئاکاری نالەباری ناوماڵدا.



OISC No: N200100132 Community Legal Service

Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT no: 936 519 988

## تۆ دەتوانیت ئاکاری ناڵەبار بەو لایەنانەی لای خوارەوە ڕابگەیەنیت:

- هێڵی تەلەفۆنی تایبەت بە ئاکاری ناڵەباری ناوماڵ، پۆلیس، پزیشک، سستەری سەردانکەری ماڵ، گروپی پشتگیری خۆجێیی
- دامەزراوەیەکی پەنابەریەتی لە ناوچەکەتان وەکو خزمەتگوزاری پەنابەرانی باکووری ئینگلتەرە [ North of England Refugee Service] ، ڕیفیوجی ئەکشن [Refugee Action] ، ئەنجومەنی پەنابەران [Refugee Council]، ئەنجومەنی سکۆتلەندی پەنابەران [Scottish Refugee Council] یان ئەنجومەنی پەنابەرانی وەلز [ Welsh Refugee Council].
  - ➢ تۆ دەتوانیت ئەگەر دەتەوێت داوا بکەی کە لەگەڵ یارمەتیدەرێک و/یان وەرگێڕێکی (موتەرەجیم) ژن قسە بکەیت.
  - ➢ ئەو زانیاریەی کە پێشکەشی دەکەی بە نهێنی دەپارێزرێن.
  - ➢ ئەگەر تۆ یان منداڵەکەت لە بەر مەترسی جەستەییدان، رەنگە ئەم دامەزراوانە بارودۆخی ئێوە بە کەسانی تریش ڕابگەینن.

## بۆ داواکردنی یارمەتی بەو دامەزراوانەی خوارەوە پەیوەندی بکە:

**ئینگلتەرەو و ویڵز: تەلەفۆنی بەخۆڕایی 24 کاتژمێرەی هێڵی یارمەتی نیشتمانی توندوتیژی ناوماڵ**
**[England and Wales: Freephone 24 hour National Domestic Violence Helpline]**
**0808 2000 247**
**سکۆتلەند: هێڵی تەلەفۆنی ئاکاری ناڵەباری ناوماڵی سکۆتلەند**
**[Scotland: Scottish Domestic Abuse Helpline]**
**0800 027 1234**

ئەگەر ئینگلیزی نازانیت تکایە پێیان بڵێ بە چ زمانێک قسە دەکەیت. لەوانەیە ناچار بیت چاوەڕوان بیت هەتا وەرگێڕێکت بۆ دەدۆزرێتەوە، یاخود دەتوانی بڵێی بە چ زمانێک قسە دەکەیت، ژمارە تەلەفۆنی خۆت بە جێ بهێڵیت و راوێژکارێک و وەرگێڕێک تەلەفۆنت بۆ دەکەنەوە.

**پۆلیس (فریاکەوتن) (Police - emergency) 999**

## زانیاریی پەیوەندی کردن بە دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە پەنابەران:

**North of England Refugee Service Head Office (North East)**
www.refugee-org.uk
19 The Bigg Market
Newcastle NE1 1UN
Tel: 0191 222 0406

**Refugee Action Head Office (East Midlands, North West, South Central, South West)**
www.refugee-action.org.uk
The Old Fire Station
150 Waterloo Road
London SE1 8SB
Tel: 020 7654 7700

**Refugee Council Head Office (London, East of England, West Midlands, Yorkshire & Humberside)**
www.refugeecouncil.org.uk
http://languages.refugeecouncil.org.uk
240-250 Ferndale Road
London SW9 8BB
Tel: 020 7346 6700

**Scottish Refugee Council Head Office (Scotland)**
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
5 Cadogan Square
(170 Blythswood Court)
Glasgow G2 7PH
Tel: 0141 248 9799
Freephone: 0800 0856 087

**Welsh Refugee Council Head Office (Wales)**
www.welshrefugeecouncil.org
Phoenix House
389 Newport House
Cardiff CF24 1TP
Tel: 02920 489 800



Asylum Support Partnership consists of:

North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org